سەماحەتی حەکیم داواکەی سەبارەت بە دیاریکردنی سەرۆکێکی تازە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دووپات کردەوە



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشمانی ئەمرۆ چاوی کەوت بە بەڕێز موسەننا سامرائی سەرۆکی هاوپەیمانێتی عەزم کەوت، لەم دیدارە باس لە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق وناوچەکە کرا، سەماحەتی داواکەی دووپات کردەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ڕوونیکردەوە کە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ ئەوەیە تا هەموو پێکهاتەکان ئاسوودە بن بە ئامادەبوونیان لەدۆخی سیاسی و دروستکردنی بڕیاردا.

سەماحەتی پالپشتی خۆی بۆ حکومەتی عیراقی لەهەردوو ڕێڕەوی گشەپێدان و خزمەتگوزاری دووپات کردەوە و داواشی کرد ئاستێکی تەواوکاری نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی خۆجێی و ناوخۆیی هەبێت، جەختیشی کردووە لەسەر دەرکردنی بڕیاری گرنگ و قوستنەوەی ئەو قۆناغەی ئێستا بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکان، هەروەها باسی دیاری کردنی سامەرای وەك پایتەختی رۆشەنبیری ئیسلامی کرد و داوای کرد هەوڵی بەردەوام و باشتر بدرێت بۆ سەرخستنی ئەو چالاکییە.

سەماحەتی حەکیم پاڵپشتی خۆی بۆ هەردوو گەلی فەلەستینی و لوبنانی دەربڕی بەهۆی ئەو شەڕ و بەکۆمەڵە کوشتنەی لەسەر دەستی هێزەکانی ئیسرائیلی داگیرکەر ڕووبەڕووی دەبێنەوە.